https://www.doi.org/10.31918/twejer. 21lich.5

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# زەوتکردنی زمان

# ڕەهەندە نوێیەکانی ڕۆمانی پۆست کۆلۆنیالیزم لە (داگیرکردنی تاریکی)دا

پ. د. یادگار لەتیف شارەزووری

کۆلیژی زمان – زانکۆی سەلاحەدین

yadgar.jamsheer@su.edu.krd

**پوختە**

چەمکی ڕۆمانی کۆلۆنیازمی ئاماژەیە بۆ ئەو بزاوتە ئەدەبییەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە ئەدەبیاتی هەر دوو هێزی کۆلۆنیازمی بەریتانی و فەرەنسیدا سەریهەڵدا. ئەم ئەدەبە ئەدەبێکی ڕێخۆشکەر بوو بۆ هەژموون و فروانخوازیی کۆلۆنیازمی ڕۆژئاوایی کە لە ڕوانگەیەکی لوتبەرزانەی کەڵەگاییەوە تەماشای زمان و کلتوور و بوونی گەلانی بندەستی دەکرد و لە باڵادەستی و ڕەگەزپەرستی و پەراوێزخستندا بەرجەستەدەبوو.

وەک پەرچە کردارێک بەرانبەر خۆسەپاندنی کۆلۆنیالیزم، کە ئەدەبی وەک چەکێکی کاریگەر بەکاردەهێنا، گەلانی بندەست و پەراوزێزخراو و زمان قەدەغەکراو، پاش کۆتاییهاتنی سەردەمی باڵادەستیی سەربازی ڕاستەوخۆی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی، بە بەکارهێنانی هەمان چەک و لە ڕێگەی ڕۆمانەوە خراپەکاری و دادۆشینی ئابووری و زەوتکردنی زمان و هەموو چەوساندنەوەکانی کۆلۆنیالزمی ڕۆژئاواییان پیشاندا، تێکۆشان بۆ بە دەستهێنانەوەی زمان و کلتووری خۆماڵییان، ئەم ڕەوتە نوێییە لە نووسین و بەرهەمهێنانی ڕۆمان ناونرا (گێڕانەوەی پێچەوانە Counter narration).

پاش ڕزگاربوونی دەوڵەتانی بندەستی کۆلۆنیازمی ڕۆژئاوایی و دامەزراندنی دەوڵەتە نیشتیمانی یاخود نەتەوەییەکان، جارێکی تر سیاسەتی داپڵۆسین و پەراوێزخستن و قەدەغەکردنی زمان و کلتووری گەلان و کەمایەتییەکان لەلایەن ئەم دەوڵەتانەی کە تا دوێنی خۆیان بە دەست پشتگوێخستن و چەوساندنەوەوە دەناڵاند، پەیڕەوکرایەوە، بە هێزی زبر (سەربازی) و نەرم (ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری) هەوڵی بنبڕکردنی نەتەوە و گەلانی بێ دەوڵەت درا، خۆیان و زمان و شوناس و بوونیان دووچاری لە ناوچوون بوونەوە. ئەمەش وای لە ئەم نەتەوە بێ

دەرەتانانە کرد ئەدەب، بە تایبەتی تر ڕۆمان بکەنە قەڵغانی بەرگریکردن و خۆپاراستن لە توانەوە و سڕینەوە.

بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەم ڕەهەندە تێکچڕژاوە ئەدەبییە سیاسییە ڕۆشنبیرییە، توێژەر ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) ڕۆماننووسی کورد (بەختیار عەلی) کردووە بە مەیدانی کار؛ لەو ڕوانگەوە کە نووسەر (بەختیار عەلی) بە وردی و بە وریایی و ئاگاییەکی ئەدەبی باڵاوە ڕوانگە و کایە و لایەنە جیاوازەکانی پرسی (زەوتکردنی زمانی) لە لایەن کۆلۆنیالیزمی ناوچەییەوە زەقکردووەتەوە. نووسەر زۆر بە باشی ئاگاداری تیۆری پاش کۆلۆنیالیزمە، هەروەها ئاگاداری گرنگی و مەترسی زمانە لە پرۆسەی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و ناوچەییدا، ئەمەش وایکردووە زمان و زەوتکردنی زمان و بەرگریکردنی زمان لە مانەوەی خۆبەدەستەوەنەدانی؛ بابەتی هەرەسەرەکی ڕۆمانەکە بێت. بێجگە لە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزمی، بەختیار عەلی کاریگەر بووە بەو ڕۆمانانەی لە پاشخانی کۆلۆنیالیزمی و پۆست کۆلۆنیالیزمییەوە نووسراون، وەک ڕۆمانی (دڵی تاریکی) جۆزێف کۆنراد و ڕۆمانی (ڕووباری جیاکەرەوە)ی (نیگۆگی واثینگۆ)ی نووسەری کینی و (وەرزی گەڕانەوە بۆ باکوور)ی ڕۆماننوسی سودانی (الطیب صالح) و ڕۆمانی (تاقی ناو دیوارەکە)ی (ئیسماعیل کادار)ی ڕۆماننوسی ئەلبانی.

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ – ١٩٧٨ بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٩٤، ڕۆمانەکە سەرەڕای ئەوەی بابەتێکی واقیعی کردووەتە تەوەرەی سەرەکیی کارەکەی، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر فەنتازی دەستپێدەکات، پیاوێک بە ناوی عیسمەت ئۆکتای بەیانی زوو لەخەوهەڵدەستێت و زمانی تورکی بیرچۆتەوە، سەرەتا هەست بە هیچ ناکات، بەڵام وەک وشەکانی بۆ نەیەت و شتێک بەر گەروی بگرێت هیچی پێناگوترتێت" دەیەوێت وەک هەموو ڕۆژانی ئاسایی بانگی خێزانەکەی

بکات، بەڵام ئەو وشانەی لە دەمی دێنە دەرێ شتێکی دین، ئەو زمانە نەبوو تا شەوی پێشوو بەر لە خەوتن قسەی پێدەکرد. بە زمانێکی جیاواز قسە دەکات، ژن و کچەکانی لێی تێناگەن. دوایی دەیبەنە نەخۆشخانە، بۆیان دەردەکەوێت کە ئەم نەخۆشییە تەنیا ئەمی نەگرتۆتەوە، بەڵکو کەسانی زۆر تریش تووشی بوونە و دواجار شێتخانەیەک بۆ بۆ ئەوانە دەکەنەوە بە ناوی ئالازیک، بۆ ئەو (تووشبوانەی) کەسوکاریان ئاشکرایان کردوون و دەوڵەتیان لێئاگادارکردوون. بە لێشاو بە زۆر خەڵک ڕەوانەی ئەو شێتخانەیە دەکەن، لە بیرچوونەوەکە وەک پەتایەکی لێ دێت، خەڵکێکی زۆر گومان لە زمانی خۆی و ناسنامەی خۆی دەکات، تەنانەت هەندێ لە ژەنەڕاڵ و تورکە نەژادپەرستەکان گومان لە زمانی خۆیان دەکەن و خۆیان تاقیدەکەنەوە، بزانن زمانی تورکییان لەبیرنەچووەتەوە!

سروشتی توێژینەوەکە و پێکهاتەی ڕۆمانەکە وا دەخوازێت، پلانەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکبێت:

بەشی یەکەم: تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم کە لە دوو تەوەرە پێکدێت ١- ئاریشەی زاراوە. ٢- ڕۆمان و تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم.

بەشی دووەم: ڕەهەندە نوێیەکانی ڕۆمانی پۆست کۆلۆنیالیزم، ئەمیش بە هەمان شێوە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت: ١-زەوتکردنی زمان ٢- گێڕانەوەی پێچەوانە - زمانی نادەستەمۆ.

## تەوەرەی یەکەم: تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم

### ١-ئاریشەی زاراوە

سەرەتا پێویستە زاراوەی کۆلۆنلیالیزم Colonialism لە پاش کۆلۆنیالیزم Colonialism - لەیەکتر جیابکەینەوە. کۆلۆنیالیزم زاراوەیەکی گشتییە، ئاماژەیە بۆ دەپستبەسەرداگرتن و زاڵبوون، وەک ئەوەی دەوڵەتێک دەست بەسەر خاک و نەتەوەیەکی تردا بگرێت. کۆلۆنیالیزم لەگەڵ سەرەهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیدا دەرکەوت، ئەو کاتەی هەندێک لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان لە کیشوەرکانی ئەمریکا و ئاسیا و ئەفریقادا دەستیان بەسەر هەندێک دەوڵەتدا گرت. قسەکردن لەسەر کۆلۆنیازم بیرکردنەوە لە پەیوەندیی نێوان ئەوروپا و بەشەکانی تری جیهان لەخۆدەگرێت، هەروەها کۆلۆنیالیزم پەیوەندییەکی بەهێزی بە بزوتنەوەی ڕۆشنگەری و دۆزینەوەکان و هزرەوە هەیە؛ چونکە زانست لە سەدەی هەژدەدا لە ڕێگای دۆزینەوە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەدیەوە زۆر گەشەی سەند(١). پێش دەرکەوتنی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی، چەندین ئیمپراتۆریەتی فراوانخوازی داگیرکەر دەرکەوتوون، سەرەڕای ئەوەی ئەو هێزانە خاوەن موستەعمەرە بوون، هەروەها سەرەڕای ئەوەی بە چاوی زاڵبوون و هێزەوە تەماشای پەیوەندیی خۆیان بە موستەعمەرەکانیانەوە دەکرد، خۆیان بە ناوەندی بەهێز و ئەوانیان بە پەراوێزی لاواز دادەنا، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاستی ئەو پەیوەندییە و زاڵبوونە نەگەیشتە ئەو ئاستەی پێیان بوترێت هێزی ئیمپریالی(٢). لەم ڕوانگەوە توێژەران پێیانوایە کە ئیمپریالیزم (Imperialism) زاراوەیەکی هاوتای کۆلۆنیالیزمە، چونکە کۆلۆنیالیزم شێوازێکە لە شێوازەکانی فەرمانڕەوایی و نیشتەجێبوونی ئەوروپییەکان لە خاکی دەرەوەی

---

(١) الكولوننيالية وما بعدها: ٦.

(٢) دراسات ما بعد الكولونيالية- المفاهيم الرئيسة: ١٠٥-١٠٦.

سنووری خۆیاندا، ئەم کارەشە دەستبەسەرداگرتن و باڵادەستی هەمیشەیی لەخۆدەگرێت، کە کرۆک و سروشتی ئیمپریالیزمە(٣).

هەرچی زاراوەی پاش کۆلۆنیالیزمە، ئەوا بۆ ئەو کلتوورە ناوچەییانە بەکاردێت کە بە کردەی ئیمپریالیزمەوە کاریگەر بوون لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمەوە بۆ کاتی ئێستامان. زاراوەی پۆست کۆلۆنیالیزم بۆ پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەو گوتارە نوێیە کلتوور بەزێنە بەکاردێت کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دەرکەوت. زاراوەکەش زاراوەیەکی گشتگیرە هەموو کلتوورە کاریگەرەکان بە ئیمپریالیزمەوە لەخۆدەگرێت. لەم تێڕوانینەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لە نێوان زاراوەی پاش کۆلۆنیالیزم و داگیرکراو و داگیرکەردا (بين المستعمر والمستعمر) پەیوەندییەکی بەهێز هەیە دەگاتە ئاستی کارلێکردن و کاریگەربوون(٤).

پاشگری (پاش – پۆست) لەگەڵ هەموو ئەو بزاوتە فیکری و ڕەخنەییانەدا بەکاردێت کە لە پاش (تازەگەر – مۆدێرنەوە) هاتن، ئەمەش وایکردووە ئاوێتە بوونێکی ڕوون لە نێوان تیۆرییەکانی (پاش – پۆست)دا هەبێت، وەک تیۆرییەکانی (پاش تازەگەریی) و (پاش فیمینزمی) و (پاش بنەماگەریی) و (پاش پیشەسازی)، بۆیە ناکرێت (پاش کۆلۆنیالیزم) لەم کێشمەکێشە بەدوور بێت(٥).

بۆ یەکەمجار زاراوەی (پاش کۆلۆنیالیزم) لە بواری سیاسەتدا بەکارهات، ئەو کاتەی پێناسەی ئەو دەوڵەتانەی پێدەکرا کە لە زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی ئیمپراتۆرییە ئەوروپییەکان ڕزگاریان بووبوو لە پاش

(٣) الكولونيالية وما بعدها: ٦.

(٤) الاستشراق والاستعمار والامبريالية:١٨٢. وينظر: في نظرية الاستعمار وما بعد الاستعمار الأدبية: ٢٥.

(٥) موسوعة النظريات الأدبية: ٥٥٠.

جەنگی جیهانی یەکەمەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، زاراوەکە لە بواری کلتووریدا چەسپاندنی بەخۆیەوە نەبینی لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستدا نەبێت، لە ڕێگەی ئەو نووسینانەی ڕست (نسق) کلتووری و بیروبۆچوونیان دەربارەی بابەتی جیاواز گەڵاڵە کرد، هەموویان کاریان لەسەر زاڵبوونی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نێوان دوولایەنی دژ بەیەک دەکرد، کە داگیرکراو (المستعمر) ئەم بەر و داگیرکەر (المستعمر) ئەو بەری پێکدەهێنێت(٦). ئەمە وایکردوە کە تیۆریی (پاش کۆلۆنیالیزمی) – تا ئاستێکی بەرز – تیۆرییەکی ئاراستە سیاسی بێت تێبکۆشێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سنوور و ژینگانەی باڵادەستی و زاڵبوون و زەبرو زەنگ تۆخ دەکەنەوە، پەیوەندییەکانی نێوان هێزە ناهاوسەنگەکان لە ڕێگەی دووانە دژ بەیەکەکانی وەک (من و ئەوی دیکە) و (ئێمە و ئەوان) و (جیهانی یەک و جیهانی سێ) و (سپیپێست و ڕەشپێست) دەچەسپێنێت(٧).

چەمکەکانی وەک (دانیشتووانە ڕەسەنەکان aboriginal) و (لەبەرگرتنەوە abrogation) و (کارایی agency) و (دووسەری ویژدانی ambivalence) و (بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم - anti colonialism) و (ئەپاردایت) و (ڕەسەن و ڕەسەنایەتی) و (دەستبەسەرداگرتن) و (دوالیزمە) و (هۆشیاریی بە ڕەشپێستی) و (بخۆرانی گۆشتی مرۆڤ) و (کاریبی/ هیندیی ڕۆژئاوا) و (ناوند و پەراوێز) (جیاکاریی ڕەنگی) و (چین و پاش کۆلۆنیالیزم) و (حەزی کۆلۆنیالیزمی) و (گوتاری کۆلۆنیالیزمی) و (ئەدەبی کۆمێنوێلس) و (گوتاری دژ) و (کەریۆلی) و (جۆراوجۆرۆی کلتووری/ جیاوازی کلتووری) و (هەڵوەشاندنەوەی ئیستیعمار) و (تیۆریی پاشکەوتەیی) و

---

( ٦) الإمبراطورية ترد بالكتابة- آداب ما بعد الاستعمار: ٣٢.

(٧) موسوعة النظريات الأدبية: ٥٥٠.

(پەرتەوازەیی/ شتات) و (ئیمپریالیزمی ژینگەیی) و (ناوەندویستی ئەوروپی) و (باڵادەستی/ هیمنة) و (فرەتوخمی/ هجنة) و (ئیمپریالیزم) و (سەربەخۆیی) و (لاساییکردنەوە) و (ئاوێتەبوونی ڕەگەزەکان) و (تازەگەریی و پاش کۆلۆنیالیزم) و (زمانی نەتەوەیی) و (بزوتنەوەی زەنجی) و (ئەدەبە نوێیەکان) و (ڕۆژهەڵاتناسی) و (ئەوی دیکە) و (دروستکردنی ئەوی دیکە) و (شوێن) و (جەستەی پاش کۆلۆنیالیزمی) و (پاش کۆلۆنیالیزمی) و (خوێندنەوەی پاش کۆلۆنیالیزم) و (نەژاد) و (کێوی/ شارستانی) و (پەراوێزخراو) و (خود و خودگەریی) (جیهانی سێیەم/ یەکەم، دووەم، چوارەم) و (جیهانی) و (تیۆری سیستەمی جیهان) و (ڕەنگکردنی جیهان بە ڕەنگی جیهانی ئەوروپی)، لەهەرە چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکانی پۆست کۆلۆنیالیزمن(٨).

**٢-ڕۆمان و تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆمان وەک بواری کار و مەیدانی ڕوونکردنەوە لەلای بیرمەندانی تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆمان؛ سەرەڕای سروشتە هونەرییە ئەندێشەئامێزەکەی، بە شێوەیەکی گشتی لە سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ، ڕۆڵی کاریگەری لە نەخشاندنی ڕووداوەکاندا بینیوە، بە ئەرێنی یاخود بە نەرێنی. لە کاتی گەشەسەندنیدا چینی بۆرژوازی (مام ناوەند) کردیانە ئامرازی کاریگەری دەستیان لە ڕووبەڕووبوونەیان بەرانبەر بە سیستەمی دەرەبەگایەتی و لاهوتیی کڵێسا. لە وڵاتی ئەمریکاش ڕۆمانی (کەوێڵەکەی مام تۆم Uncle Tom's Cabin)ی ژنە نووسەری ئەمریکی (هێریەت بیچەر ستاو Hurt Beecher Stowe) ڕۆڵی کاریگەریی بینی لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی ئەمریکی، بە تایبەتی لە باکووری وڵات و هاندەری سەرەکی

[٨]- دراسات ما بعد الكولونيالية: ٣٣ – ٤١.

سەرۆک (ئیبراهیم لینکن Abraham Lincoln) بوو کۆتایی بە سیستەمی کۆیلایەتی بهێنێت لە وڵاتدا.

ئەو کاتەشی بەریتانیا و فەرەنسا وەک دوو دەوڵەتی ئیمپریالیزمی کۆلۆنیالزمی دەرکەوتن، ڕۆمانیان کردە کاریگەرترین هۆکاری داگیرکردنی هۆشی گەلەکانیان و ئامادەکردنیان بۆ داگیرکاری و فراوانخوازی و پەڕینەوە لە دەریا و پیشاندانی ئەو دیو سنوور وەک خاکی چۆڵی ئاوەدان نەکراو، گەر ئاماژەشیان بە بوونی گەلانی ئەوبەر دەریاکان کردبێت، وایان نیشان داون کە دواکەوتوو و هیچ نەزانن و دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی دەستی ئاوەدانی ئیمپرلیازم بیانگاتێ و بە شارستانیان بکەن. بۆیە (ڤلادیمێر مایاکۆڤسکی Vladimir Maïakovski) لە ڕۆمانی (شەیتانەکاندا) دەربارەی کاریگەریی ئەدەب لەسەر ژیان دەڵێت: هونەر ئاوێنەیەک نییە لە ڕێگەیەوە واقیع ببینیت، بەڵکو چەکوشێکە بۆ پێکهێنانی.

بیرمەندان و نووسەرانی پاش کۆلۆنیالزمی زۆر بە وردی کاریان لەسەر مەترسیی ڕۆڵی ڕۆمان لەم بوارەدا کردووە، لە پێشی هەموویانەوە (ئیدوارد سەعید)ی نووسەری ئەمریکی بە ڕەچەڵەک فەڵەستینی، کە لە هەموو بەرهەمەکانیدا، بە تایبەتی لە کتێبی (الاستشراق) و (الثقافة والامبريالية) و (العالم والنص والناقد) ڕووی ڕاستەقینەی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی لە ڕێگەی ڕۆمانەوە ڕوونکردوەتەوە. ئەمە (ئیدوارد سەعید)ی گەیاندە ئەو ئەنجامەی بڵێت ڕۆمان بەرهەمێکی بێتاوان نییە؛ ئەوە ڕوونبکاتەوە کە ڕۆمان کاریگەریی زۆر مەزنی لە داڕشتنی دیدگاکان و شێواز و ئەزموونی ئیمپریالیزمیدا هەبووە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو ڕەخنەگرێک یاخود تیۆریسازێکی ڕۆمانی ئەورووپی هەست بە سروشتە دامەزراوەییەکەی دەکات، چونکە ڕۆمان بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەی چینی ناوەندە (چینی بورژوازی)، بە دەربڕینی (شارلی مۆغاس Charles-Marie-Photius Maurras) ڕۆمان هاودەم و بەشێکی

دانەبڕوای داگیرکەرە بورواژییەکانە (الفاتحین الجدد)، لە هەموو قۆناغەکاندا ڕۆمان پایەیەک بووە لە پایەکانی ئەم چینە، بۆ نموونە؛ لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا ڕۆمان دەربڕی هەست و خواست و ئامانجەکانی چینی ناوەند بوو بۆ ڕزگاربوون و وەستانەوە لە ڕووی چینی خانەدان و سیستەمی دەرەباگەیەتیدا، کاتێک ئەم چینە دەگەنە دەسەڵات و کەڵکەڵەی ئیمپریالیزمی دەکەوێتە میشکیان، ڕۆمان دەبێتە بەرجەستەکەری ئەم خولیاییە، ڕەوایەتی بە فراوانخوازی و پاوانخوازی و دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژئاوا بەسەر وڵاتانی کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکا دەدات. دیارترین نموونە لەم بوارەدا ڕۆمانی (ڕۆبنسۆن کرۆز)ی (دانیال دیفۆ)یە کە لە ساتەوەختی پەلهاوێشتنی کۆلۆنیالیزمدا نووسراوە، کاراکتەری سەرەکیی ئەم ڕۆمانە ڕۆژئاواییەکە جیهانێکی نوێ دادەمەزرێنێت، ڕۆژئاوایی ناوەندەکەیەتی. مەترسیی ئەم ڕۆمانە تەنیا لە ناوەندخوازییەکەیدا نییە، بەڵکو ناوی شوێن و کەسەکانیش دەشێوێنێت و دەگۆڕێت.

پشتگیریکردنی ڕۆمان بۆ ئیمپریالیزم دیاردەیەکی تایبەت نییە بە ڕۆماننووسێکەوە، بەڵکو لەلای زۆربەی زۆری ڕۆماننووسە بەریتانییەکانی وەک **ئۆستین**، و **دیکنز**، و **ثاکری**، و **جۆرج ئیلیوت**، و **فیلدنگ**، و **ریتشاردسون**، و **سمولت**، و **ستیرن**، دەیبینین. هەموو ئەم ڕۆماننووسانە کارەکانیان لە ناو بەریتانیا ئەنجامدەدەن، هەر لەوێش بیرۆکەکانیان وەردەگرن، بەریتانیا وەک کەشێکی ناوچەیی و وەک هێزێکی ئیمپریالیزمی مەزنی جیهانی. ئیدوارد سەعید نایەوێت ئەوە بڵێت کە ڕۆمان – یاخود کلتوور بە واتا فراوانەکەی – بووە مایەی دروستبوونی ئیمپریالیزم، بەڵکو ڕۆمان بەو پێیەی دروستکراوێکی کلتووری کۆمەڵگەی بۆرواژییە (چینی ناوەڕاست)، ناتوانرێت لەگەڵ ئیمپریالزمدا لەیەک جودابکرێنەوە. ڕۆمان و ئیمپریالیزم هەر یەکە و پشتی

ئەوی تریانی گرت، پشتگرتنەکە بە ئاستێک بوو ناکرێت یەکێکیان بخوێنیتەوە لابەلای ئەوی تریاندا نەکەیتەوە.

ئیدوارد سەعید، تاکە ڕەخنەگر و توێژەری بواری مێژووی ڕۆمانە، کە گەشەسەندنی ڕۆمان بە گەشەسەندنی ئیمپریالزمەوە دەبەستێتەوە، لەمەشدا بەڵگە بە قسەی (ولیێم بلێک William Blake) دەهێنێتەوە کە دەڵێت: هونەرەکان و زانست بنچینەی ئیمپراتۆریەتە، لایان بەرە یاخود بەکەمیان بزانە، ئیمپراتۆریەت نامێنێت. ئیمپراتۆریەت شوێن هونەر دەکەوێت، نەک بە پێچەوانەوە، بە ڕاشکاوی دەڵێت ڕۆمانی ئەوروپی وەک ئەوەی ئێستا هەیە، نەدەبوو گەر ئیمپراتۆرییەت نەبوو بووایە؛ ئێمە ئەگەر لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕۆمان بکۆڵینەوە ئەوا بەیەک گەشتنی تەواو دەبینین لە نێوان ڕستەکانی دەسەڵاتی گێڕانەوەی پێکهێنەری ڕۆمان و بەرجەستەکردنی ئەدەبییانەی خولیا ئیمپریالیزمییەکان. هێزی بەریتانی وزەی بەرگەگرتن و بەردەوامی تێدا بوو، بەردەوامیش ئەم وزەیە تاو دەدرا. لە بواری کلتووریشدا، کە بەشێکی دانەبڕاو بوو لەم هێزە، ڕۆمان توانا و هێزی ئمیپراتۆریەتی بەریتانی دامەزراوتر کرد و بەرجەستەیکرد لە ئاستە دەربڕینە جیاوازەکانیدا، بە جۆرێک لە هیچ شوێنێکی تردا ناتوانین ئەم ئەم ئامادەییە ناوەند خوازییە بەردەوامە ببینین(٩).

بۆ سەلماندنی دروستیی ئەم شیکارییە و بەیەکەوە گرێدراوی سەرهەڵدانی ڕۆمان و ئیمپریالیزم، دەتوانین نموونە بە سروشتی ئەدەبی ئەمریکی و ئەدەبی بەریتانی بهێنینەوە. لە سەدەی نۆزدەدا ئەدەبی ئینگلیزی لە بەریتانیا گرنگی بە ڕۆمان دەدا، بە هۆی ئاراستە ئیمپریالیزمە فراوانخوازییەکەی بەریتانیاوە، کەچی لەهەمان سەردەمدا ئەدەبی ئینگلیزی لە ئەمریکا گرنگی بە کورتەچیرۆک short – story دەدا، چونکە ئەمریکا هێشتا نەبووبوو بە هێزێکی ئیمپریالی، سی و چلەکانی سەدەی نۆزدە،

---

(٩) الثقافة والامبريالية: ٥٨ و٦٠ – ٦٧ و٨٣ و١٤٢ – ١٤٥.

زۆر بە ڕوونی حەزی پەخشانی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی ژانری کورتەچیرۆک سەلماند، بە پێچەوانەی ئەوەی لە ئەدەبی بەریتانیدا ڕوویدا کە ڕۆمان تیایدا بە فراوانی گەشەی کرد(١٠).

جوگرافیا و حەز بۆ تێپەڕاندنی کەشی ناوچەیی، لە هەرە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ڕۆمان بوو، سەرەڕای ئەوەی ڕۆمان ئامرازی دڵخوازی ڕۆشنگەریی بوو، ئیمپریالیزم توانی بیکاتە ئامرازی کارای خۆی بۆ ملپێکەچکردن؛ ئەوەبوو ڕۆمان وەگەڕخرا و کرایە بوارێکی هەستیاریی هێزی ئیمپریالی لە سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستدا، لە پێناو دەستبەسەرداگرتن و ملکەچکردنی گەلە داگیرکراوەکان. لەم چوارچێوەیەدا؛ ڕۆمانی واقیعی ئەوروپی یەکێک لەهەر ئامانجە سەرەکییەکانی بەدیهێنا، چونکە لە دووتوێی چالاکییە هونەرییەکەیدا پشتگیریی ڕەوایی پێدانی کۆمەڵگەی کرد بۆ فراوانبوون و کشان بەروە ئەو بەری دەریاکان، ئیمپریالیزم هەموو هێز و توانا و بوارەکانی بۆ پڕۆژەکەی خۆی خستەگەڕ، بە درێژای سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست، لە ناو هەموو کون و کەلەبەرەکانی کلتووری بەریتانیا و فەرەنسادا، لابەلای ئیمپراتۆریەت و دەستکراوەییدا کراوەتەوە، بەڵام لە ناو ڕۆمانی بەریتانیدا لە هەموو شوێنێک زیاتر، ئەم لاکردنەوە و کارلەسەرکردنە  بە ڕێکی و چەند جار دووبارەبوویی بەدیاردەکەوێت. ئیدوارد سەعید هەموو تێکڕای ئەم گرنگیپێدان و کار لەسەر کردنە بە (بنەمایەک لە دیدگاکان و ڕەوانەکردنەکان - بنية من وجهات النظر والإحالات) ناو دەنێت، ئیتر وایلێهات ئیمپراتۆریەت لەلای هەموو ڕۆماننووسەکانی وەک: جين أوستين، وكبلنغ، وكونراد، وأرثر كونان دويل، ورايدر هاغارد، وآر. إل. سيفسن، وجورج أوورول، وجويس كاري،

(١٠) ينظر نظرية المنهج الشكلي، نصوص الشكلانيين الروس: ١١٤ ــ ١١٥.

وغي. أم. فورستر، وتي. إي. لورنس، ببێتە چوارچێوەیەکی درامی یەکلاکەرەوە(١١).

ئاستی پشتبەستنی ئیمپریالزم بە گێڕانەوە زۆر بەرزبوو، ئەمە وای لە ئیدوارد سەعید کرد بڵاوبوونوەی ڕۆمان بە بڵاوبوونەوەی ئیمپریالیزم ببەستێتەوە و تیۆرییێکی تر بۆ دوو تیۆرییە بەناوبانگەکەی **باختین** و **ئیان واط** تایبەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕۆمان زیادبکات، ئیدوارد سەعید هەوڵەکانی دەرچوون لە سنووری جوگرافی و ڕۆمان بەیەکەوە گرێدەدات، بزوتنەوەی فراوانخوازیی ئیمپراتۆری و گەشەی ڕۆمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەستنەوەیەکی میکانیکی مردوو نا، بەڵکو بەستنەوەیەکی زیندووی بەرهەمهێنەر، چۆنیەتی بەرجەستەبووونی خەون و خولیا فراوانخوازییەکانی ئیمپراتۆریەت لە ناویدا دەردەکەویت(١٢).

## بەشی دووەم: تەوەرەکانی ڕۆمانی پۆست کۆلۆنیالیزم لە داگیرکردنی تاریکیدا:

### ١-زەوتکردنی زمان – بە شتکردنی مرۆڤەکان:

زمان بە تەنیا وەک داهێنانی کەسی قسەکەر سەرهەڵنادات، بەڵکو کەسی قسەکەریش لە ڕێگەی سازکردنی گوتار و پەرەپێدانی بەشدارە لەم پرۆسەدا، ئەمەش وا دەکات زمان ببێتە سیستەمێک لە وەسفی زمانەوانی کە لایەنی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاریدەکەن. بەرزبوونەوەی زمان بەسەر خوددا لەلایەنی شیکاری دەروونی لەلای (ژاک لایکۆ Jacques Lacan)ی شیکەرەوەی دەروونی پشتڕاستکراوەتەوە، ئەو دەڵێت منداڵ فێردەبێت خۆی بە جیاواز ببینێت لە هەموو جیهان لە ڕێگەی تەماشاکردنی وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا، بەڵام بە تەنیا ئەو کاتە دەبێتە

---

(١١) الثقافة والامبريالية: ٥٨ و٦٠ – ٦٧ و٨٣ و١٤٢ – ١٤٥.

(١٢) الثقافة والإمبريالية، مقدمة المترجم: ١٣.

کەسێکی تەواو کاتێک دەچێتە ناو جیهانی زمانەوە. بۆیە لە ڕێگەی ڕوانگەی یەکانگیر و جۆراوجۆرەوە، بە چاوی دامەزرێنەی خود، تەماشای زمان دەکرێت. یەکێک لە هەرە ئەنجامە پەرگیرەکانی تایبەت بە ڕێگاکانی زمان ئەوەیە کە دەڵێت هیچ وتنێکی مرۆیی بێ لایەنگیری نییە. دەتوانین لە ڕێگای شیکارکردنی کۆمەڵە وشەیەکەوە نەک هەر لە تاک تێبگەین، بەڵکو لە هۆشیاریی مێژووییش تێبگەین کە کاریگەری دروستدەکات، بۆیە وشە و وێنەکان بنەمای سەرەکی کرداری کۆلۆنیالیزمین و زاڵبوون بەسەر زماندا یەکێکە لە هەرە ئامانجە سەرەکییەکانی داپڵۆسینی ئیمپریالیی(١٣)، بۆ ئەم مەبەستە سیستەمی خوێندنی ئیمپریالیزم نوسخەیەکی (نموونەیی) لە زمانی میترۆپۆلیتانی metropolitan دەکاتە پێوەر و هەموو جێگرەوەکانی تر پەراوێزدەخات بەو پێیەی جێگرەوەی ناپاڵفتەن(١٤).

زەوتکردنی زمانی گەلانی ژێردەست لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئەوسای جیهانی و ئێستای ناوچەییەوە، دەچێتە چوارچێوەی هاوکێشەی (بەشتکردن)، بە پێی زاراوەی (ئیمێ سیزێغ Aimé Césaire)ی شاعیر و نووسەری فەرەنسی بە ڕەچەڵەک مارتینکی، سیزێغ دەڵێت کۆلۆنیالیزم بە تەنیا خودی ژێردەست ناڕوتێنێتەوە، بەڵکو بێ بەهای دەکات و لە مرۆڤ بوونی دادەماڵێت. ئەم کارەش بە هاوکێشە بەناوبانگەکەی ڕاڤەدەکات کە بریتییە لە (کۆلۆنیالیزم بریتییە لە بە شتکردن – الكولونيالية تساوي التشيؤ – thing fiction)؛ واتە گۆڕینی خودەکان بۆ شتەکان، دامەڵینیان لە بەهای مرۆیی(١٥).

کاراکتەر و ڕووداوە سەرەکییەکانی ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) ئەوە دەردەخەن کە سڕینەوەی زمانی کوردی یاخود زەوتکردنی؛ بنەمای

---

(١٣) الكولونيالية وما بعدها: ٦٢ و ٤٢.

(١٤) الإمبريالية تُردّ بالكتابة: ٣١.

(١٥) الكولونيالية وما بعدها: ٦٢ و ٤٢.

کاری دەوڵەتی تورکیای ساڵەکانی چل بۆ حەفتاکانی سەدەی بیست بووە، مرۆڤی باش لەلای سیستەمی سیاسی تورکی لەو سەردەمەدا ئەو مرۆڤەیە بە تورکی قسەدەکات، واز لە زمانی خۆی دەهێنێت، مرۆڤی باش واتە هەر یەکێک زمانی لە ئێمە نەچوو زمانی ببڕین(١٦). ئەم کارەش بە زەوتکردنی زمانی ئەوی دیکە، بە تایبەتی زمانی کوردی دێتە ئاراوە، چونکە هەموو زمانەکانی دیکە تەنانەت زمانە کۆنە نەماوەکانی وەک زمانی سۆمەریی کۆن و زمانی خەزەری و زمانی ئیلامی دێرین و زمانی توخاریش، بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتەوە داننراوە بە بوونیاندا، تەنیا زمانی کوردی نەبێت کە یاساغ بوو ناوی بهێنرێت، چجای ئەوەی قسەی پێبکرێت: زمانێک هەم قەدەغەیە و هەم نییە، چۆن وەرگێڕی بۆ بدۆزێنەوە(١٧).

ڕقلێبوون لە زمانی کوردی، لەلای کۆلۆنیالیزمی ناوچەیی قۆناغێکە دەکەوێتە پێش پڕۆسەی قەدەغەکردن و یاساغکردنی تەواوی زمانی کوردی؛ وەک چۆن ئەمە لەلای یەکێک لە کاراکتەرە دیارەکانی ڕۆمانەکە کە ناوی (دیدەم شاهین)ـەو پلە و پۆستی لەناو دامودەزگا ئەمنییەکاندا هەیە، بەرجەستە دەبێت. ئەو ڕقی لەوەیە گوێی لە کوردی دەبێت، ڕقیشی لەوەیە هیچ وشەیەکی ئەم زمانە لە وشە تورکییەکان ناچێت(١٨).

ئەم ڕقلێبوونە لە خوارەوە هەڵناکشێ بەرەو سەرەوە، بەڵکو لە قوڵایی دڵ و دەروونی کەسانی بەرپرس و دەزگا شۆڤێنییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت: "...لە دوێنێوە حاڵی باشبوگ باش نییە، جەنابیان بە گریک و عەرەب و ئەرمەن و جووەکان وەها پەست نابێت، هەتا گریکەکانی قوبرسیش وەها نارەحەتی ناکەن، بەڵام هەر ناوی ئەم هۆزە

---

(١٦) داگیرکردنی تاریکی: ٥٧٧.

(١٧) داگیرکردنی تاریکی: ٨٠.

(١٨) داگیرکردنی تاریکی: ١٩١.

شاخاوییانەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ دەبیسێت فشاری خوێنەکەی بەرز دەبێتەوە. لە ترسی ئەوەی فشاری بەرزنەبێتەوە و باری تەندروستی تێک نەچێت نەهاتووە. ئەوەی جورئەتیانکردووە چەک لە ڕووی تورکدا بەرزبکەنەوە زۆرە، زۆر زۆرە، شتێکی تازەیە. چل ساڵە گەر تەقەیان کردبێ، لە شەڕە عەشرەتی خۆیاندا تەقەیان لە یەک کردووە، چل ساڵە جورئەتیان نەکردووە تفەنگ لە ڕووی تورکدا بەرز بکەنەوە.. ئەمە گۆڕانکارییەکی ترسناکە لە مێژووی تورکیادا"(١٩).

کارکردن لەسەر بیر و هۆشی دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە و تورک بوون خستنە ناومێشکیان، گەورەترین و سەرەکیترین هەنگاو بوو کەسانی ڕاسپێردراو لەلایەن دەوڵەتەوە گرتیانە بەر، لە پێناو زەوتکردنی زمانی کوردی و سەپاندنی زمانی تورکیدا؛ (عەدنان عاریف پاشا)، وەک یەکەم بەرپرسی پرۆسەی زەوتکردنی زمانی کوردی لە کوردستان کە لە ڕۆمانەکەدا و لەسەر زاری بەرپرسانی دەوڵەتەوە بە (خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ) ناودەبرێت، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (تاریق ئاکانسو)ی بەرپرسی قۆناغی دووەمی پرۆسەکە لە ساڵی ١٩٤٥دا دەڵێت: "من ساڵی ١٩٣٢، سیانزە ساڵ لەمەوبەر بە فەرمانی مستەفا پاشا خۆی، وەک بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب هاتم بۆ دیاربەکر، هەر ئەو کات دەمویست واز لە سیاسەت بهێنم، بەڵام ئەتاتورک ئەو ئەرکەی پێسپاردم و منیش شانم دایەبەر. ئەو کات هەمان خەیاڵ لەسەرمدا بوو، دەمگووت لەسەرخۆ و هێواشهێواش دەیخەینە مێشکی ئەم هۆز و عەشرەتانەوە کە تورکن. بەردەوام دووبارەیدەکەینەوە ئێوە تورکن، تورکن، تورکن، تا ڕۆژێک لە ڕۆژان بەیانییەک خەبەریان دەبێتەوە و سەیر دەکەن زمانەکەی خۆیان بیرچووەتەوە و بوون بە توورک"(٢٠). بەڵام ئەوەی ڕوودەدات

---

(١٩) داگیرکردنی تاریکی: ٦٠٩.

(٢٠) داگیرکردنی تاریکی: ١٩١.

پێچەوانەی ئەمەیە.. هەمووان دەترسن ڕۆژێک خەبەریان بێتەوە تورکیان لە بیرچووبێتەوە و بە کوردی قسە بکەن.

تاریق ئاکانسو خەستر لە عەدنان عاریف پاشا شان دەداتە بەر ئەرکە تازەکەی؛ زەوتکردنی زمانی کوردی بە یەکجاری، پێش ئەوەی وەک ئەرکێکی فەرمی میری لێی بڕوانێت، وەک حەز و خولیایەکی کۆلۆنیالزمانەی خۆی تەماشای دەکات: ئەو ئەرکەی بە تاریق ئاکانسوو سپێردرابوو "تەنیا مەئمورییەت و داوایەکی دەوڵەت نەبوو، بەڵکو نیاز و ئامانجی نهێنی ژیانی خۆیشی بوو، گەشە بە زمانی تورکی بدات، گەورەی بکات و بڵاویبکاتەوە.

بەرلەوەی بێت بۆ ئێرە چاوی بە سەرۆک کۆمار (عیسمەت ئینونو) کەوتبوو، دانیشتنێکی درێژ و داخراوی لەگەڵیدا سازکردبوو، فەرمان و هێزی لێوەرگرتبوو زمانی تورکی لە هەموو خۆرهەڵاتدا بچەسپێنێت. خۆی بە خۆی دەگوت (نێردراوی سەرۆک کۆمار بۆ پتەوکردنی پایەکانی زمانی تورکی لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ و ناوچە سنوورییەکانی باشوور و خۆرهەڵات). ناونیشانێکی درێژ بوو بە خۆشییەوە لە هەموو بۆنەیەکدا دووبارەیدەکردەوە، لەویَ بوو بۆ ئەوەی هەر شتێک لەسەر ئەم زمەنینە تورکی نەبێت بیسڕێتەوە. تاکەکەسێک بوو سەرانی جمهورییەت باوەڕیان پێبوو کاری وەهای بدەنە دەست، بینێرن بۆ ناو شارە زەردەواڵەکە و دڵنیابن دەتوانێت بە سەرکەوتوویی بگەڕێتەوە. ساڵەهای ساڵ لە ئەنکەرە و ئەستنەبووڵ بەڕێوەبەری بیرۆکەی تایبەت و سەرۆکی لیژنەیەکی بەدەسەڵات بوو، بە ناوی (لیژنەی ئەمنییەتی زمانەوانی). فەرمانی دابوو لە ڕێگای پاککردنەوەی زمانی تورکییەوە لە هەموو وشەگەلێکی بێگانە. زەمینە بۆ دروستکردنی وڵاتێک سازبکات ڕەگەزێکی سافی تورک تێیدا نیشتەجێبێت، بێ هیچ ڕەگەزێکی پیس و عەقڵێکی جوداخوازانە. ئێستا لە دیاربەکر وەزیفەکەی جۆرێکی تر بوو، چیتر وەک پرۆفیسۆرێکی تورک

کاری نەدەکرد، چیتر لە ناو ژوور و هۆڵ و ڕاڕەوەکانی بینایەکی پاک و بەشکۆی وەک بینای بەشی زمان لە ئەنکەرە نەدەسوڕایەوە. کە ئەندازیارێکی جیهانی و بەناوودەنگی وەک (برۆنۆ تاوت) نەخشەی بۆ کێشابوو. نا لێرە زۆربەی ناوچەکان هەتا ڕێگەی کەر و هێستریشیان نییە، نەبا ڕێگا ماشێن و ئۆتۆمبیلی ڕازاوە، زۆربەی بیناکان خانووی هەژارانە و بە دەگمەن خانوویەکی وەک ئەم کۆشکەی، لەسەر گردێک، بە شکۆیەکی وەهاوە دەبینرێت. بەڵام تاریق ئاکانسو ئیشە تازەکەی، کارێکی پیرۆزتر بوو لە هەر کارێکی تر. بە واتای خۆی هاتبوو تورکی فێری ئەو تورکانە بکات نەیانتوانیوە تورکی فێربن. تەواوی هەرێمە پان و بەرین و سەرزەمینە فروانەکەی وەک پۆلێکی خوێندنی گەورە دەبینی، سەرزەمینێک دەبێت شەو و ڕۆژ زمانی ڕاستەقینەی نیشتیمان، زمانی تورکی پێدا بوترێتەوە. خۆی بە پێکەنینەوە بە خۆی دەوت (قۆمیسەری زمان) (...) پرۆفیسۆر تاریق ئاکانسو، هاتبوو ئەرکێک تەواو بکات پێدەچوو لە دوای مردنی ئەتاتورکەوە ناتەواو مابێتەوە. ئێستا دڵنیا بوو وڵاتەکە پێویستی بە کارێک هەیە تاقەت و توانای حەزرەتی فیلی دەوێت. ملیۆنەها مرۆڤ لەم دەڤەرانەدا هێشتا تێنەگەیشتوون تورکن، هێشتا جۆرە دەنگێک دەردەکەن و جۆرە ژاوەژاوێک لە گەروویان دێتە دەرێ پەیوەندییەکی بە زمانی تورکییەوە نییە. گیانێکی تەماوی یاخیبوون بەسەر هەموو هەرێمەکەدا کشاوە. ... دوژمنانێکی خاوەن کولتوور و شارستانییەتی وەک میللەتانی بەڵکان، لە چەشنی ئەم هۆز و تیرە دواکەوتووانە نەبوون کە ئێستا لەودیو ئەنادۆڵەوە هەڕەشە لە یەکێتی نەتەوەیی دەکەن. جیاوازییەکە لەوەدایە ئەمانە بەرەباب و ئیلگەلێکن نە زمان و نە شارستانییەتیان نییە، ڕەوە مەخلوقێکی کێویین و دەبێت فێری تورکی بکرێن و بخرێنە چوارچێوەی حوکمی دەوڵەتانەوە(٢١).

---

(٢١) داگیرکردنی تاریکی: ٣٢ – ٣٧..

بۆ به دیهێنانی ئامانجەکەی، هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت دەخرێنە خزمەتی ئاکانسوە، دەستی بە تەواوەتی والاّدەکرێت، کاتێک ئاکانسو سەردانی بەڕێوبەری گشتیی خوێندن و پەروەردەی دیاربەکر دەکات بەم شێوەیە پێشکەشی مامۆستا و ئامادەبووانی دەکات: جەنابی ئاکانسو ڕاژە و ڕوتبەی وەها بەرزە لە ئەنکەرە هەموو هێزێکیان پێداوە، چی پێویستە بۆ سەروەریی زمانی تورکی لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ کە ئەنجامی بدات. داوای لە هەمووان کرد بە وردی گوێ بۆ فەرمایشت و ڕێنماییەکانی نوێنەری سەرۆک ئینونو بگرن.. (...) تاریق ئاکانسو بە توڕییەوە هەر هات و هاواری بوو "یاساکانی ڕیفۆرمی زمان نوێدەکرێنەوە و دەخرێنەکار. لە ئێستا بەولاوە ئەو منداڵانەی لێرە لە دایک دەبن دەبێت جگە لە تورکی زمانێکی تر بەر گوێیان نەکەوێت و وشەیەک لە هیچ زمانێکی تر نەبیستن. من بۆ دروستکردنی نیشتیمانێکی یەک دڵ و یەک زمان لێرەم"(٢٢).

ئەم دەستکراوەییەی تاریق ئاکانسو و پاشخانە ڕەگەزپەرستییەکەی کارێکی وا دەکات زەوتکردنی زمانی کوردی پەلبهاوێت بۆ هەموو بوار و چالاکییەکانی ژیان: کە لە ئەنکەرە گەڕایەوە، دڵنیابوو پشتگیریی سەرۆککۆماری بۆ پڕۆژەکەی بەدەستهێناوە. دەمێک پڕۆژەکەی هاتەدەر و ڕووناکیی بینی، سەردەمێکی نوێ لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ دەستیپێکرد. بیمارستانەکان فەرمانیان بۆ چوو ئەوانەی تورکی نازانن چارەسەر نەکرێن، دادگاکان فەرمانیان بۆ دەرچوو، لە کێشەکاندا ئەوانەی ناتوانن بە تورکی قسەبکەن و شەهادەت بدەن گەواهییان وەرناگیرێت.... (یەک زمان یەک ئاڵا یەک نەتەوە) (٢٣).

---

(٢٢) داگیرکردنی تاریکی: ٧٠ – ٧١.
(٢٣) داگیرکردنی تاریکی: ١٥٠ – ١٥١..

له شارەکاندا مامۆستاکان ڕاسپێردران، جگە لە باسی مەزنیی زمانی تورکی و بەرزی ئەدەبیاتی تورکی، قسە لە بێئاستی و بێسوودیی زمانی خەڵکی ناوچەکەش بکەن.. . هەموان ئاگادارکرانەوە کە لە تورکیا یەک زمانمان هەیە بۆ خوێندن، بۆ قسەکردن، بۆ خەوبینین، بۆ وڕێنە، بۆ بیرکردنەوە، بۆ زیکری خودا، بۆ زیکری شەیتان، بۆ مەستی، بۆ هۆشیاری، بۆ عاقڵی بۆ شێتی.. (٢٤) .

هۆکارێک لە هۆکارەکانی ئەم پێداگرییەی بەرپرسی یەکەمی پڕۆسەی زەوتکردنی زمانی کوردی و قەدەغەکردنی، بۆ شارەزایی لە سروشتی کۆمەڵگای کوردی دەگەڕایەوە، چونکە تاریق ئەکانسو باش دەیزانی کە تاکە چەکی کوردان زمانەکەیانە؛ ئەو جگە لە دیوە سەرکێش و ڕادیکاڵ و تووڕەکەی، دیوێکی براگماتیشی هەبوو لە کاتی پێویستدا ئیشیپێدەکرد، هەموو جار دەیوت: بۆ ئەوەی دوژمنەکەت تێکبشکێنیت و سەری پابنبکەیتەوە دەبێت لە پێشدا چەکەکەی لێ بدزیت، چەکی ئەم کوردانەش جگە لە زمانەکەیان هیچی دی نییە(٢٥).

**٢- گێڕانەوەی پێچەوانە - زمانی نادەستەمۆ:**

سەرەتاکانی گێڕانەوەی پێچەوانە (ڕۆمانی پاش کۆلۆنیالیزم — دژە گێڕانەوە - بەرپەرچدانەوە بە نووسین) بۆ پەنجاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی زۆربە دەوڵەتە ژێردەستەکان سەربەخۆییان بەدەستهێنا، لە پێش هەموویانەوە هیند و وڵاتانی باکووری ئەفریقا، پاشان هەموو وڵاتە ئەفریقییەکان یەک بە دوای یەک، ئەمەش وایکرد ڕووبەری دەستبەسەرداگرتنی ئیمپراتۆرییە کۆلۆنیالیزمە ڕۆژئاواییەکان بچووکببێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم شەپۆلەی ئازادیبووندا، هەستانەوەیەکی

(٢٤) داگیرکردنی تاریکی: ١٥٤ و ٥٨٨..
(٢٥) داگیرکردنی تاریکی: ٢٠٦ ــ ٢٠٧.

ئەدەبی لەسەر دەستی نەوەی موستەعمەرە پێشووەکان بەرپابوو، لە نووسینەکانیاندا پێشوازییان لەم سەربەخۆییە کرد و بەشداربوون لە بەرِوودا وەستانەوەی گوتاری کۆلۆنیالزمی(٢٦).

گوتاری ڕۆژئاوایی خۆویستی خۆسەپێن، گوتارێکی تری لێکەوتەوە کە بە چاوی کەمەوە ڕۆژئاواییەکان تەماشای ڕۆژهەڵات بکەن و زیانی پێبگەیەنن، ئەمە وایکرد لەلایەن بیرمەند و نووسەر و ئەدیبانی ڕۆژهەڵاتەوە، گوتارێکی هەڵوەشێنەری دژ بە گوتاری باڵادەستیی ڕۆژئاوایی، بێتەئاراوە، بە پشتبەستن بە هەمان ئەو وتانەی خودی ڕۆژئاوا پشتی پێبەست(٢٧). چونکە لە بنەمادا پاش کۆلۆنیالیزم بریتییە لە ڕووبەڕووبەنەوەی ئەو وێنا و گێڕانەوانەی دانیشتووانە ڕەسەنەکانی لە قاڵب دەدا و وەک کەسانی کەم و دواکەوتوو و بێهۆش دەیناساندن، یاخود لە بەرگی کەسانی تەمبەڵ و تەوەزلدا دەریدەخستن، بۆیە خەباتی ئەو گەلانەی پێشتر کۆلۆنیالیزم داگیریکردبوون و ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەم خەباتەدا، بریتییە لە دروستکردنی مێژوو بۆ چەوساوە و ستەملێکراوان، یاخود بە بارێکی تردا کارکردنە بۆ بەدەستهێنانەوەیان وەک کەسانی بینراو، کە لەتوانایاندایە بژین و گەشەبکەن و پێشبکەون(٢٨). باشترین نموونەش کە توێژەران لەم بوارەدا ئاماژەی بۆ دەکەن، فەرەنسایە؛ فەرەنسای سەردەمی ڕۆشنگەری و هەڵگری پرنسیپە مرۆییەکانی وەک ئازادیی تاک، برایەتی، مرۆڤایەتی و یەکسانی لەگەڵ ئەوی دیکەدا،

---

٢٦- ینظر: ما بعد الكولونيالية-مفهومها، أعلامها، أطروحاتها، د. مديحة عتيق: ٨.

(٢٧) الرسيس والمخاتلة، خطاب ما بعد الكولونيالية في النقد العربي المعاصر، النظرية والتطبيق: ٦٧

(٢٨) Encyclopedia of Postcolonial Studies, Greenwood, Westport, CT, p396.، نقلا عن الرسيس والمخاتلة، خطاب ما بعد الكولونيالية في النقد العربي المعاصر، النظرية والتطبيق.

هەرچەند بانگەشەی بەگەردوونی ئەم پرنیسپانە دەکرا و کرابووە دروشمی خۆبردنەپێشی فەرەنسا لە جیهاندا، بەڵام لە ڕاستیدا فەرەنسای کۆلۆنیالیزمی هەردەم ئەوی دیکەی وەک ئاژەڵ تەماشاکردووە، دووانەی ڕۆژئاوای پێشکوتوو و ڕۆژهەڵاتی دواکەوتوو بنەمای کاری کۆلۆنیالیزمانەی بووە، گەر پرەنسیپەکانی ڕۆشنگەری تایبەتمەندیی گەردوونیی هەبێت، بۆچی ئەوی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناگرێتەوە؟! گشتگیرکردنی وتەکان و پاشان لە ناو گوتاری کۆلۆنیالیزمیدا کەسان و گەلانێکی لێ دەربهێنریت، ئەو پەڕی نایەکانگیری و دژبەیەک بوونە، مافی ئازادی و یەکسانی لە گەلانی داگیرکراو زەوتکرا لە ژێر سێبەری ئایدۆلۆژیای ڕۆشنگەریی باوەڕدار بە مرۆڤ؟(٢٩)

ڕۆمانی پێچەوانە یاخود گێڕانەوەی جێگرەوە شێوازێکە لە شێوازە کلتوورییەکانی دژ بە گێڕانەوە کۆلۆنیالیزمییەکان، ڕۆمانی پێچەوانە ڕووبەڕووی هەژموونی ڕۆژئاوایی دەبێتەوە، مەبەستیەتی دووانەی ڕۆژئاوا/ ڕۆژهەڵاتی بە خۆی و هێما و نیشانەکانیەوە هەڵبوەشێنێتەوە و هەموو دووانە میتافیزکییە دژ بەیەکەکانی وەک: زانین/ نەفامی و پێشکەوتن/ پاشکەوتن و ناوەند/ پەراوێز و ڕەش/ سپی و پلەبەدنییە هیراریکییەکانی hierarchy دیکە ڕابماڵێت. جگە لەمە؛ ڕۆمانی دژ تێدەکۆشێت بۆ دەرخستنی بنەماکانی دەسەڵات و دەستبەسەرداگرتن کە ئاراستەی سیستەمی ناوەندکاری ڕۆژئاوایی دەکەن(٣٠).

دەکرێت سەرتاپای ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) بە گێڕانەوەی دژ یاخود پێچەوانە هەژماربکرێت، چونکە بە شێوەیەکی سەرەکی پەنجەی خستۆتەسەر خۆڕاگریی زمانی کوردی، خۆبەدەستەوە نەدانی و شکستی

(٢٩) الاستعارة العظمى، إمبراطورية الهيمنة بالتخييل، وحيد بن بوعزيز، مجلة هوامش (المصرية).

(٣٠) السرد البديل: نقد ميتافيزيقيا المركز، قراءة في الثقافة المضادة للكولونيالية:٢٤٧.

داگیرکەران لە زەوتکردنیدا؛ تابلۆی سەرەکی مەبەستی ڕۆمانەکە پێکدەهێنێت. ڕۆمانەکە زمانی کوردی وەک زمانی نادەستەمۆ وێنادەکات، نادەستەمۆییەکەش لە دوو ئاستدا بەرجەستەدەبێت:

١- هەستی ڕەنجبەباچوون لەلای تاریق ئاکانسوی ئەندازیاری بە تورک کردنی کوردستان واتە ناوچەی خۆرهەلاتی ئەنادۆڵ. ڕوخسارەکانی ڕەنجبەباچوونی بەرپرسی پرۆسەکە و نیشانەکانی لە سەرەتاکانی دەستبەکاربوونیەوە دەردەکەوێت، لە یەکەم کۆبوونەوەی بەرفراوانیدا لەگەڵ بەرپرسی یەکە کارگێڕییەکان: "ئاکانسو وەک بڕیاری لێدابوو هەر دەستی بە قسەکردن کرد، بە گرژی و نائومێدی سەردەقی شکاند، گوتی بەداخەوە هیچ شتێک نابینێت دڵخۆشی بکات، بۆنی هیچ شتێک ناکات، بۆن و بەرامەی سەرزەمین و خاکی تورکانی لێبێت، بە حەسرەتەوە گوتی (لە سەردەمێکەوە جەنابی ئینونو خۆی هاتە ئێرە و ڕاپۆرتی خۆی دایە ئەتاتورکی مەزنمان، شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوە. ئەم هەرێمە هێشتا زۆر دوورە لە چاوەڕوانی و خەونی ئێمە، هێشتا زمانی تورکی نەچەسپیوە، سەدان هەزار خەڵک، بگرە ملیۆنان خەڵکی ئەم ناوە زمانی تورکی نازانن. چۆن ناوچەیەک و هەرێمێک پیشدەکەوێت خەڵکەکەی تورکی نەزانن و هەر بە زمانی قەلەباچکە و بە گارەگارێک لە دەنگی مریشکی هێلکەکەر دەچێت قسەبەکەن) (٣١).

٢- لە بیرچوونەوەی تورکی و لەپڕ قسەکردنی کەسانێکی زۆری جیاوازی سەر بە چین و توێژی جۆراوجۆر بە زمانی کوردی کە بە درێژایی تەمەنیان هەر بە تورکی قسەیانکردووە و خۆیان بە ڕەسەنترین تورک داناوە.

---

(٣١) داگیرکردنی تاریکی: ٧١

سەرەتای دیاردەی لەبیرچوونەوەی زمانی تورکی دەستپێکی ڕۆمانەکەیە، واتە هەر لە سەرەتاوە ڕۆمانەکە بە شێوازێکی سەرنجڕاکێشی فەنتازی دەستپێدەکات، خوێنەر وابەستەی خۆی دەکات: عیسمەت ئۆکتای بەیانی کاتێک خەبەری بووەوە، هەستی بە شتێکی تایبەتی نەکرد. ڕۆژێکی ئاسایی بوو، هەتاو وەکوو هەموو ڕۆژێکی دیکەی سەرەتای هاوین لە پەنجەرەی نهۆمی دووەمی خانووەکەیانەوە هاتبووە ناو ژووری نوستنەکە. ژنەکەی ئۆیزاری هانم لە تەنیشتیەوە خەوتبوو. هەموو شت پێدەچوو ئاسایی بێت. هیچ شتێک ناسروشتی دەرنەدەکەوت. ویستی بانگ لە ئۆیزاری ژنی بکات و پێی بڵێت هەستێت بەرچایی ئامادە بکات. بەڵام وەک وشەکانی بۆ نەیەت و شتێک بەر گەروی بگرێت هیچی نەگووت. ..

ویستی بە ئویزاری خێزانی بڵێت کاتی بەرچاییە.. منداڵەکان هەستێنە شتێک بخۆین.. ئەو وشانەی لە دەمی هاتنە دەرێ شتێکی دی بوون. ئەو زمانە نەبوو تا شەوی پێشوو بەر لە خەوتن قسەی پێدەکرد. ئویزاری هانم، بە سەرسامییەوە سەیریکرد و تێنەگەیشت مێردەکەی دەڵێت چی، وەک یەکێک بوو زمانی شکابێت و پیتەکان و دەنگەکان تێکەڵبکات. ئیتر ناچار دەبێت بە تەکسییەک بیبات بۆ خەستەخانە، عیسمەت ئۆکتای لە ناکاو لە ناو تەکسییەکەدا هەستیکرد بۆ شەقام، بۆ ماڵ، بۆ شۆفێرەکە، بۆ پەنجەرەکان، بۆ درەخت، بۆ با، بۆ ئاسمان.. هەندێک وشە دەزانێت پێشتر نەیزانیون و نەیبیستوون. لە تەکسییەکەدا کاتێک سەیری ڕێبوارانی دەکرد، سەیری پەڵە هەورە سپییەکانی دەکرد، سەیری دوکانەکان و عەرەبانەکان و ژەندەرمەکانی دەکرد، هەستیکرد زمانێکی تر لە ناویدا لەدایکدەبێت، زمانێک بە جۆرێکی سەیر لە ناخیدا، لە سەریدا، لە خەیاڵیدا گەورە دەبێت، بەڵام لە بری ئەوەی ئارام بێتەوە، ترسەکەی گەورەتر بوو، پرسیارەکەی ئەوە بوو، چۆن ئویزار تێبگەیەنێت شتەکان کتوپڕ ناوێکی تریان هەیە، چۆن بڵێت هەستێکی تری بە شەقامەکان و ڕێگاکان هەیە،

وەک ئەوەی غەریبەیەک بێت و ئیستا لە شارێکی دییەوە هاتبێت. (...) عیسمەت لە ناکاو هەستیکرد ئارەزوویەکی زۆری تێدایە ئەم زمانە تازەیە بەکاربهێنێت، زمانێکی تایبەت بە خۆی. ... بۆ ئێستێک هێمن بوو، دوایی زانی هەموو ئەم خەیاڵانەی بێسوودە، چونکە نە دەزانێت گوزارشتیان لێبکات و نە کەس تێدەگات دەڵێت چی. لە دڵی خۆیدا وتی: ئێستا لای پزیشکان سندوقێکی ڕەشی تاریکم، سندوقێکی ڕەش کە دەشێت پڕ بێت لە ئافاتی ترسناک. بەڵام ئەم زمانەی فێریبووم زمانێکی جوانە، وشەکان ئاهەنگێکی سەیریان هەیە لە سەرزمانم. بەڵام ئاخۆ خەڵکی تر هەبن بەم زمانە قسەبکەن یان ئەم سەرە مەلعونەی من لە خۆیەوە ئەم زمانەی داتاشیوە؟ (٣٢).

حاڵەتەکانی بیرچوونەوەی زمانی تورکی و هاتنەگۆ بە زمانی کوردی تەشەنەدەسەنێت و دەبێتە دیاردەیەکی گشتگیر لە هەموو شار و شارۆچکەکانی تورکیادا: " ئەوان لە هەرێم و دەڤەری جیاوازەوە دێن. شوێنێک یان شارێکی تایبەت کۆیانناکاتەوە. پێدەچێت هیچ پەیوەندییەک لە نێوان نەخۆشەکاندا نەبێت، لە ئیشی جیاوازەوە هاتوون، لە چینی کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە، لە تەمەنی جۆراوجۆرەوە.." (٣٣).

بۆیە؛ ئیتر گرفتی لە بیرچوونەوەی لە کتوپڕی زمانی تورکی و قسەکردن بە کوردی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا نامێنێت، بەڵکو تەشەنە دەکات، لە سەرۆکی دەوڵەتەوە تا دەگاتە وەزیر و یەکە کارگێڕییەکان بە خۆیەوە سەرقاڵدەکات و دەبێتە خەمی گەورەیان: ئەوەی عیسمەت ئۆکتای تورکی بیرچووبووەوە و کوردی قسەیدەکرد، ئاراستەیەکی دیکەی بەخشی بە کۆی چیرۆکەکە. زەنگی مەترسی بە جۆرێکی گەورەتر لێیدا. خەستەخانەکە لە پێش هاتنی عیسمەت چەند حاڵەتێکی دیکەی لەو

(٣٢) داگیرکردنی تاریکی: ٥ ــ ١٠ و ٤٥.
(٣٣) داگیرکردنی تاریکی: ٨٠ ـ ١٠٣ و ١٤٢.

جۆرەیان بۆ هاتبوو، دیاردەکە جێگای نیگەرانییەکی قووڵ بوو. هیچ یەکێک لە پسپۆڕەکانی زمان لە زانکۆکاندا نەیانزانیبوو ئەو زمانەی هەندێک لە نەخۆشەکان قسەی پێدەکەن چ زمانێکە. کێ خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو کەسێک بە زمانێکی مردو بدوێت(٣٤).

ڕۆژ بە ڕۆژ حاڵەتی نوێ تۆماردەکرێت، هەر یەکێک لەوانەی زمانی خۆیان لە بیرچووەتەوە لە شارێک و لە جێگایەک و لە هەرێمێکن، تورکی ڕەسەنن بەیانی لە خەو هەڵدەستن و خودا تۆبە زمانێکی تر قسە دەکەن. لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ سێ حاڵەتی نوێ تۆمارکراوە، دەترسم خەڵکی تریش هەبن و تۆمارنەبن و نەچووبنە خەستەخانەکان. جەنابی وەزیر دەترسم ترسەکەمان لە جێگای خۆیدا بیت و ئەمەی ڕوو دەدات سەرەتای ئافەتێک بێت، غەزبێکی خودا بێت.. (٣٥) .

ئەم تەشەنەسەندنە خێرا ترسناکەی دیاردەکە وا دەکات سەرۆککۆماریش بێتە سەرخەت: "دەڵێن جەنابی سەرۆکیش، ئەدمیراڵ فەخری کۆرۆتورکیش لێی ئاگادارە، لێرە تەرجومانێکی لە تۆ باشترمان نییە. .. بە جەنابی والی گووت "گەورەم بیهێنە پێش چاوی خۆت، بەیانییەک لە خەو هەستیت و هەموو تورکیمان بیرچووبێتەوە، خوانەخواستە شتێکی وەها ڕوودات چ کارەساتێکی گەورە دەبێت بۆ ئوممەتی ئێمە، چ کارەساتێک دەبێت بۆ بەشەرییەت زمانێکی وا جوان لە ناوبچێت"(٣٦).

لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا، زمانی کوردی لە ئاستێکی بەرفراواندا دەبوژێتەوە: لە زۆربەی شوێنەکان خەڵکی کەوتوونەتە ئەوەی بە ئازادی

---

(٣٤) داگیرکردنی تاریکی: ٢١ و ٢٨ و ٦٦.
(٣٥) داگیرکردنی تاریکی: ١٠٢.
(٣٦) داگیرکردنی تاریکی: ٢١ و ٢٨ و ٦٦.

و بێترس کرمانجی و زازایی قسەدەکەن. ئەوەی ئێستا دەوڵەت دەترسێنێت ئەو شێتخانەیە نییە، بەڵکو بڵاوبوونەوەی نهێنی و زیندووبوونەوەی زمانەکەیە لە ژێرەوە، لە شار و گوندەکاندا، لە ناو چینەکانی خوارەوە لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ کە دەوڵەت جێپێی قایمی نییە، لە هەموو جێگایەکی تورکیادا مێژوویەکی لەبیرکراو هەڵدەستێتەوە، مردووەکان لە قووڵای تاریکییەوە دەگەڕێنەوە.. بەڵێ بەڕێزان کرمانجی وەکو زمانێکی نهێنی بۆ گفتوگۆی زۆر تایبەت بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەو گفتوگۆیانەی نابێت ئێمەی تورک تییان بگەین، زیندووە. بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکی کیشەکەیە، دیوەکەی دیکەی ئەوەیە زۆرینەیەکی کوردان هەرگیز زمانی تورکیان وەک زمانی خۆیان سەیرنەکردووە.. هەیانەی ساڵەهای ساڵ لە زینداندا دەمێنێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی پێداگرییکات و بڵێت من تورک نیم و ئێوە نیشتیمانی ئێمەتان داگیرکردووە. هەشیان پێداگری دەکات و نایەویت هەرگیز تورکی فێر ببێت و قسەی پێ بکات.. (٣٧).

پشکنین و پلاکات و ئاگادارییەکان دەریاندەخست، ژمارەی ئەوانەی نەخۆشکەوتوون دەوڵەتی ترساندووە، گوێیان لێبوو خەڵکانێک باسیان لەوە دەکرد نەخۆشییەکە لە بنکەیەکی سەربازیدا بڵاوبووەتەوە و دەوڵەت هەموویانی گەمارۆداوە و نەخۆشەکانی بردووەتە جێگایەکی نادیار. قسەیان لە گوندیک دەکرد لە نزیک ئەرزڕووم، بەیانییەک هەموو لە خەو هەستاون و هەموو پێکەوە تووشی (دەردەکە) بوون(٣٨).

ئاستێکی تری بەرجەستەبوونی زمانی نادەستەمۆ؛ زمانی کوردی خۆڕاگر، لە جوانییەکەیدایە، لەو میلۆدییە ناسکانەیە لە وشەکانی دەتکێنە خوارەوە: لای سەیربوو ئەم زمانە جوانەی فێریبووە، ئەم میلۆدییانەی لە وشەکان و ڕستەکاندا هەیە، زمانی کوردەکان بێت، کە بە هەموو

(٣٧) داگیرکردنی تاریکی: ٥٧٨ و ٢٢٩.

(٣٨) داگیرکردنی تاریکی: ٦٤٦.

حیسابێک دەبێت لەناوچووبێتن. لە دڵی خۆیدا بیریکردەوە، گوێی بۆ مۆسیقای وشەکان شلدەکرد، ئاوازی ڕستەکانی دووبارەدەکردەوە و دەیگوت "دەبێت شتی وا ڕاست بێت، دەبێت زمانێک کە هەر بوونی نەماوە هێندە ئاوازی تێدا بووبێت؟"(٣٩)

ئەم جوانی و سەرنجڕاکێشییەی زمانی کوردی، وەک هەڵوێستێکی ئایرۆنی، وا لە ئارسین و عەلی ئیحسانی کوڕانی تاریق ئاکانسوی بەرپەرسی توانەوەی زمانی کوردی دەکات، حەزیان بچێتە فێربوونی زمانی کودری و فێریببن، ئەمەش لە خودی خۆیدا دوو هەڵوێستی دژبەیەکە، باوک و کوڕ خاوەن دوو دونیابینیی دژبەیەکن: عەلی ئیحسان لەسەر دەستی مامۆستا (مەهدی) بە تەواوەتی فێری زمانی کوردی دەبێت، ئەرسینیش پاش هەڵهاتنی لە دەستی باوکی و پەنابردنە لای خێزانێکی کورد لە گوندێکی دوورەدەستدا، بە تەواوەتی لەسەر دەستی مامۆستایان چەتین و ئینان بۆراندا، بە کۆمەکی جەوهەر سیزار و خێزانەکەی، لە ماوەی ساڵێکدا زمانێکی کوردی ڕەوان قسەی دەکرد. پاشان هەردووکیان دەبنە بەرگریکار لە زمانی کوردی، کوڕی خاوەن پڕۆژەی زەوتکردنی زمانی کوردی دەبێتە یارمەتیدەری فێربوونەوەی زمانی کوردی، کەسێکی وەک زەکی کابڵان کە هیچ کوردی نەدەزانی، فێری کوردی دەکەن: دەرهێنانەوەی زەکی باکڵان لە سکی نەهەنگەکە..(٤٠).

جگە لە دەستبەردارنەبوونی خەڵکی ناوچەکە لە زمانی خۆیان، ئامادەنەبوونی گۆرانیبێژانیش بۆ وتنی گۆرانی بە تورکی، ئاستێکی تری ئاستەکانی زمانی کوردی نادەستەمۆییە، کاتێک تاریق ئاکانسۆ پلانی گۆڕینی ناوی ورد و درشتی ناوچەکە لە کوردییەوە بۆ تورکی بە فەرمی

---

(٣٩) داگیرکردنی تاریکی: ٦٣.

(٤٠) داگیرکردنی تاریکی: ١٠٧ و ٢٠٧ و ٤٣٦.

لەسەر نەخشەی کارگێڕی وڵات جێبەجێدەکات، هەست بەسەرکەوتن دەکات، بۆ ئەم مەبەستە ئاهەنگ سازدەکات، بەڵام گۆرانیبێژانی ناوچەکە نایەن بە دەم بانگهێشتەکەیەوە: "... ئەو ئێوارەیە بە پەلە ناردی بەدوای جێگرەکەیدا تا گۆرانیبێژ پەیدابکات و مۆسیقاژەن بهێنێت و تەدارەک بۆ ئاهەنگ بکەن. لە ڕاستیدا گۆرانیبێژەکانی شار هەموو لەو بەندبێژ و دەنگبێژ و سترانبێژە کوردانە بوون چیتر مافی گۆرانی گووتنیان بە کوردی نەبوو، بەڵام کەسیشیان هونەری گورانیبییژییان بە تورکی نەدەزانی. ئەگەر بشیانزانیبایە کەسیان نەیاندەخوێند"(٤١).

لە پاش ئاوابوونی خۆری تاریق ئاکانسۆ، دەوڵەوت ئەفسەرێک ڕەوانەی دیاربەکر دەکات، شوێنی تاریق ئاکانسۆ بگرێتەوە، لە هەمان کۆشکی تاریق ئاکانسۆ نیشتەجێیدەکەن، ئەو ئەفسەرە ناوی (ئەلبای نازم دورسون)ە. منداڵەکانی بە هەمان شێوەی منداڵەکانی تاریق ئاکانسو کاتێک دێنە کۆشکەکەی دیاربەکر و بۆ یەکەم جار گوێیان لە کرێکارەکان دەبێت بە زمانی کوردی قسەدەکەن، بێ ئەوەی بزانن چ زمانێکە، حەزی خۆیان دەردەبڕن بۆ فێربوونی زمانی کوردی: "... بە زمانێک قسەی دەکرد منداڵەکانی هیچ لێ تێنەگەیشتن، خوشکە بچکۆلەکەی لە برا گەورەکەی پرسی "ئەوانە بە چ زمانێک قسەدەکەن". براکەی سەیرێکی کرد و خەندەیەکی بۆ گرت و گووتی "نازانم" "قەت ئەو زمانەت بیستووە؟". "نا ئویزلەم لە کوێ ببیستم. لە کوێ؟". "ئەی حەزدەکەیت ڕۆژێک لە ڕۆژان فێریببیت؟" برا گەورەکە خەندەیەکی گەشی گرت و گووتی "دەمەوێت فێریبم". "ئەی باوکم پێی ناخۆش نابێت، گەر تۆ فێری ئەو زمانە بیت؟" "نازانم بەڵام باوەڕدەکەم باوکم حەزناکات فێرببم". "ئەی باوکم بۆ حەزناکات؟" برا گەورەکە باوەشی بە خوشکە بچوکەکەیدا کرد و گووتی "نازانم بۆ حەزناکات، بەڵام حەزناکات". "ئەی ئەگەر ڕۆژێک بە دزییەوە

(٤١) داگیرکردنی تاریکی: ٢٢٠.

فێربوویت، من فێردەکەیت؟". براکەی ئویزلەمی لە باوەشگرت و ماچێکی کرد و گووتی "ئویزلەم ئەگەر فێربووم، دڵنیابە فێرتدەکەم". "هەردووکمان بە دزییەوە فێر دەبین". برا گەورەکەی زەردەخەنەیەکی گەورەی گرت و گووتی "وادەکەین ئویزلەم، وادەکەین هەردووکمان بە دزییەوە فێردەبین"(٤٢).

(٤٢) داگیرکردنی تاریکی: ٧٠٣.

**ئەنجامەکان:**

١-ئیمپریالیزم و کۆلۆینالیزم وەک دوو ڕووی یەک دراو تا ئێستاش بەردەوامییان هەیە، لە تەرزی نوێدا بەرجەستە دەبنەوە، دەکرێت سەرهەڵدانی کۆلۆینالیزمی ناوچەیی یاخود لۆکاڵی بە جۆرێک لە جۆرە نوێییەکانی کۆلۆنیالیزمی دابنێین.

٢-زمان سەرەکیترین ڕەگەزبووە لە پرۆسەی دەستبەسەرداگرتن و خۆسەپاندنی کۆلۆنیالیزمی ناوچەییدا، لە هەمان کاتیشدا پارێزگاریکردن لە زمان سەرەکیترین ئەرک و چەکیی دەستی گەلانی ماف زەوتکراوبووە، لە ڕێیەوە توانیویانە شوناسی خۆیان بپارێزن، وەک چۆن ئەم ڕەهەندە بە ڕوونی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی ڕۆماننووسی کورد (بەختیار عەلی)دا دەردەکەوێت.

**ليستی سەرچاوەكان:**


- الاستشراق والاستعمار والإمبريالية- دراسات في ما بعد الكولونيالية، تأليف: مجموعة مؤلفين، إشراف وتنسيق :خيرالدين دعيش والبشير ربوح، دار رؤية، القاهرة، ٢٠١٨.
- الإمبراطورية ترد بالكتابة - آداب ما بعد الاستعمار –النظرية والتطبيق، بيل أشكروفت وآخرون، ت: خيري دومة، دار أزمنة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٥.
- الثقافة والامبريالية، إدوارد سعيد، ت: كمال أبو ديب، دار الآداب، بيروت – لبنان، ط٤، ٢٠٠٤.
- دراسات ما بعد الكولونيالية المفاهيم الرئيسة، بيل اشكروفت وآخرون، ت: أحمد الروبي وآخرون، المركز القومي للترجمة، ط١، ٢٠١٠.
- الرد بالكتابة- النظرية والتطبيق في آداب المستعمرات القديمة، بيل أشكروفت وآخرون، ت: د. شهرت العالم، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ط١، ٢٠٠٦.
- الرسيس والمخاتلة، خطاب ما بعد الكولونيالية في النقد العربي المعاصر، النظرية والتطبيق، د. رامي أبو شهاب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيرت – لبنان، ط٢، ٢٠١٤.
- العين الثالثة / تطبيقات في النقد الثقافي وما بعد الكولونيالي، إعداد د. حياة أم السعد، تقديم أ.د. وحيد بن بو عزيز، تأليف مجموعة من المؤلفين، دار ميم للنشر، الجزائر، ط١، ٢٠١٨.

- الكولونيلية و ما بعدها، آنيا لومبا، ترجمة د. باسل المسالمة، دار التكوين، دمشق سوريا، ط١، ٢٠١٣.

- مدخل في نظرية النقد الثقافي المقارن، المنطلقات، المرجعيات، الممنهجيات، د. حفناوي بعلي، منشورات الاختلاف، الدار العربية للعلوم، الجزائر – لبنان، ط١، ٢٠٠٧.

- موسوعة النظريات الأدبية، د. نبيل راغب، الشركة المصرية العالمية للنشر، لونجمان، ط١، ٢٠٠٣.

- نظرية المنهج الشكلي- نصوص الشكلانيين الروس، (ياكبسون، إيخنباوم، يوري تينيانوف، شلوفسكي، توماشفسكي)، ت: إبرهيم الخطيب، الشركة المغربية للناشرين المتحدين ومؤسسة الأبحاث العربية، بيروت - لبنان، ط١، ١٩٨٢.

- النقد الثقافي – قراءة في الأنساق الثقافية العربية، د. عبد الله الغذامي، المركزالثقافي العربي، المملكة المغربية – الدار البيضاء/ لبنان - بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠.

**Abstract**

Although the colonial era is over, and despite the independence of the colonized countries and peoples from the yoke of direct military occupation and the injustice of direct mandate, the imperialist practice has not ended, but rather a new form of imperial practice has emerged that can be called the local colonialism that appeared after the independence of the nation states Which in turn persecuted the peoples and minorities that live with them, prevented the language of those peoples and minorities, and suppressed their culture and privacy.

Global imperialism sought to extend its hegemony through literature, especially the fictional art that Western colonialism effectively employed in its project, and in extending its hegemony over the colonized peoples. From this point of view, the novel (The Occupation of Darkness) was chosen by the Kurdish novelist (Bakhtiar Ali).

The research consists of two main axes: post-colonial theory and the new dimensions of the post-colonial novel.